## ناوداران

# فایەق هوشیار

یاساناس و نیشتمانپەروەری گەلەکەمان، فایەق هوشیار لە ساڵی ( ١٩٢١) دا لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سلێمانی و ئامادەیی لە بەغدا تەواو کردووە. ساڵی ( ١٩٤٤) کۆلێژی یاسای لە زانکۆی بەغداد تەواوکردووەو گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و بۆتە پارێزەر. لە ژیانیدا گەلێك پۆستی گرنگی لە دەزگاکانی میریدا وەرگرتووە. ئەندامی ( کۆڕی زانیاری کوردی ) بووە. لە سەرەتای لاوێتیدا چۆتە ریزەکانی پارتی ( هیوا ) وە. هەر لە منداڵیەوە پەروەردەی دەستی باپیری ( پیرەمێردی نەمر ) بووەو لە چاپخانەکەیدا بووە. نوسەرێکی بەتوانای گۆڤاری گەلاوێژ بووە.
لە ساڵی ( ١٩٧٧) دا خانەنشین بووەو کاری پارێزەریی کردووە. لە ساڵی ( ٢٠٠٢) دا کۆچی دوایی کردووەو لە شاری سلێمانی بەخاك سپێردراوە.

# هەمەرەنگ

## بۆ گلی

سەوزەیەکە لە توخمی قەرنابیت. رەنگی سەوزێکی تۆخ و شێوەکەی درێژو باریکەو تا رادەیەك لە کنگر دەچێت، بەڵام بەبێ درك. برۆکلی بە ڤیتامینەکانی ( A ,C ) ، کالیسیۆم، ئاسن و پرۆتین دەوڵەمەندە. بۆ چارەسەرکردنی بریندار بوونی گەدەو نەخۆشی شەکرە بەکاردێت و پێکهاتەیەکیشی تێدایە دژی نەخۆشی شێرپەنجە. ئەم رووەکە بە کاڵی لە دروستکردنی زەڵاتەدا بەکاردێت و بە کوڵاویش دەخورێت.

## نیپتۆن

سێهەم ئەستێرەی گەڕۆکە لە گەورەیدا و هەشتەمیشە لە دوورییەوە لە خۆر. تیرەکەی ( ٣٧) هەزار میلەو ( ٤.٤٩٠) ملیۆن کیلۆمەتر لە خۆرەوە دوورە. بە ( ١٦٥) ساڵ جارێك بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. نزیکەی ( ١٧)ئەوەندەی زەوی دەبێت و ( ١٣) مانگی خۆی هەیە، گەورەترینیان ( ترایتۆن )ە کە تیرەکەی( ٢٧٢٠) کیلۆ مەترە. ساڵی ( ١٨٤٦) ی زایینی لە لایەن ( یۆهان گۆتفرێد ) ەوە دۆزراوەتەوە. ناوەکەی لە ناوی (خواوەندی دەریا) ی رۆمانەکانەوە وەرگیراوە.